**"له مههابادی خوێناویهوه ..."**

بۆ ساڵانکی دوور و درێژ کتێبی به فارسی نووسراوەی "نەجەف قولّی پەسیان" به ناوی "از مهاباد خونین تا کرانههای ارس" تاقه سەرچاوەیەکی ئێرانی بوو، که دوور له سوکایەتی و هێرشی نامرۆڤانەی قەڵەم به دەستانی بەکرێگیراوی ئێرانی بۆسەر کۆماری کوردستان و رێبەرەکانی، به چاوێکی نەک بێ لایەن، بەڵام تا رادەیەکی زۆر واقیع بین سەیری کۆمار و رێبەرانی و به تایبەت خەباتی بارزانییەکان و نەمر بارزانی کردبوو و خۆی له هێرشی ئاسایی ئەو ساڵانه بۆسەر گەلی کورد و رێبەرەکانی پاراستبوو.

نووسەری کتێبەکه هەواڵنێرێکی رۆژنامەی "اطلاعات" چاپی تاران بوو، که چەندرۆژێک دوای هەرەسی کۆمار و هاتنەوەی سوپای ئێرانی سەردانی مەهابادی کردبوو و زانیاری زۆری لەمەڕ رووداوەکان هەبوو. ناو براو سەرەتا کتێبێکی بەناوی "مرگ بود، بازگشت هم بود" سەبارەت به کۆماری ئازەربایجان و رێبەرەکانی نووسیبوو و ئەم کتێبەی لەسەر کۆماری کوردستان وەک بەرگی دووهەمی هەمان کتێب وابوو.

بەشی زۆری کتێبی پەسیان سەبارەت به بارزانییەکان و نەمر مەلا مستەفای بارزانی و چوونیان بۆ سۆڤیەتە، بەڵام له لاپەڕەکانی سەرەتادا به کورتی له کۆمار و تێک شکانی و هاتنەوەی سوپای ئێران له سەقزەوه بۆ مەهاباد دواوه و ئەوەی بۆکان بگرێتەوه لاپەڕەکانی ٢٦ و ٢٥ە که تێیدا باسی سەرا، بۆکان، بورهان، تازەقەڵا، تایفەی عەبباسی و هۆزی دێبوکری، حاجی بابەشێخ، بایزئاغای گەورک(؟)، و ... کراوه و لەمەڕ سوارەی عەشایر دەڵێت که ئامادە بوون له ئیندرقاشەوه بچنه ناو مەهاباد و تاڵانی بکەن و تەنانەت پێشەوا و رێبەرانی کۆمار بگرن و سزایان بدەن (لاپەڕه ٢٦).

کتێبەکه وەرگەڕاوەتە سەر زمانی کوردی و به هەندێک زیاد کراوه و وێنه و لیستەی ناوەوه له هەولێر بڵاوکراوەتەوه.

نەجەف قولّی پەسیان، "له مەهابادی خوێناویەوە... هەتا لێوارەکانی ئاراس"، شەوکەت شێخ یەزدین کردوویەتە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوه، بڵاوکردنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، ئەیلوولی ١٩٩٦